# ئاشكراكردنی نهێنییەكانی كاسترۆ لەلایەن پاسەوانەكەیەوە

فیدڵ كاسترۆ سەركردەی شۆڕشی كوبا و هاوڕێی لە مێژینەی چێ گیڤارایە. ئێستا دوای چەندین ساڵ ئەو پرسیارە لەبارەیەوە دەكرێت كە ئایا ئەو مرۆڤێكی جەماوەری بـوو، هاوشێوەی خەڵكی ئاسایی دەژیـا؟ پاسەوانەكەی بۆچوونێكی سەرنجڕاكێشی لەبارەی ئەوەوە هەیە.

بە پێی راپۆرتی «فرادید» بە گێڕانەوە لە «دەیلی مەیل»، ئەو خۆی بە پیاوێك نیشاندەدا كە چاوی لە سامان و پاشەكەوتی ماڵ نییە و هەرگیز ناكەوێتە داوی ئەو جۆرە شتانەوە، بەڵام واقیع كەمێك جیاوازە. فیدڵ كاسترۆ رابەری كۆمۆنیستی كوبا ژیانێكی رازاوە و ملیۆنان دۆلاری هەبووە. پاسەوانەكەی دەڵێت، فیدڵ كاسترۆ پارەی زۆربوو، تەنانەت دوورگەیەكی تایبەتی بە ناوەوە بوو.

دوور لە چاوی خەڵكی كوبا كە دەست و پەنجەیان لەگەڵ هەژاری نەرم دەكرد، فیدڵ وەك (پاشایەك) دەژیا. دوورگە تایبەتییەكەی ئەو ناوی (كایۆ پیدرا) بوو، كە



خوان رینالدۆ سانچێز

FOCUS

لەناو ئاودا ریستۆرانتێکی گەورەی تێدابوو. سەرەڕای ئەوە، دوورگە تایبەتییەکەی سەکۆی فڕینی هەلیکۆپتەری هەبووە و فیدڵ دوو دۆلفینی دەستەمۆشی هەبووە.

تەنیا کەسانی زۆر نزیک بە فیدڵ زانیارییان لەبارەی بەهەشتە تایبەتییەکەی ئەو هەبووە، کە رابەری شۆڕشی کوبا لەگەڵ هاوسەر و پێنج منداڵەکەی خۆی ژیانی تێدا دەبردەسەر. کەسانێکی کەم سەفەریان بۆ دوورگەکەی کردبوو، (ئاریش هونکەر)ی سەرۆکی ئەڵمانیای رۆژهەڵات، پێش رووخانی دیواری بەرلین، یەکێک بوو لەو کەسانە.

دوای ئەوەی فیدڵ لە کودەتایەکی کۆمۆنیستیدا دەسەڵاتی گرتەدەست، هەموو هەوڵی خۆی بەکارهێنا تا کەس هەست بە بوونی ئەو دوورگەیە نەکات، چونکە فیدڵ لەبەرچاوی خەڵك نموونەی راستی (کۆمۆنیستێکی یەکسانیخواز) بوو، بەڵام فیدڵ دوور لە چاوی هەموان لە دوورگەکەی خۆی دەژیا و چێژ و خۆشی لە دیمەنە جوانەکانی دەریای کاراییب وەردەگرت.

یەکێك لە پاسەوانەکانی پێشووی فیدڵ بڕیاریدا لە کتێبی (ژیانی دووفاقیی فیدڵ کاسترۆ)، پەردە لەسەر ژیانەکەی دیکەی (فەرماندە) لابدات. ئەو پاسەوانە ناوی (خوان رینالدۆ سانچێز)ـە، کە 17 ساڵ لای فیدڵ کاسترۆ بووە. لەو کتێبەدا هاتووە چۆن کاسترۆ دوای پەلامارە سەرنەکەوتووەکەی (کەنداوی بەرازەکان) لە ساڵی 1961، ئەو دوورگەیەی ئاشکرا کردووە. ئەویش رۆژێ، رێکخراوی سیا دوورخراوەکانی رادەهێنا تا دەوڵەتی کوبا بڕووخێنن. ئەو دوورگەیە 16 کیلۆمەتر لە کەناراوەکان دوورە و کاسترۆ لەلایەن دانیشتوانی ئەوێوە بەو شوێنەی زانیووە. فیدڵ لەو دوورگەیە سەرەڕای خانووەکەی خۆی لەنگەرگایەکی 610 مەتریشی دروستکردبوو تا بتوانێت بەلەمە گەشتیارییەکەی تێدا رابگرێت.

## خوان رینالدۆ سانچێز

سانچێز دەڵێت ژیانی کۆمەڵایەتی فیدڵ کاسترۆ بە دەوری تەوەری چەقێك لەناو ئاودا دەخولایەوە، کە بە لەنگەرگاکەوە بەسترابووەوە. لەناویدا کافتریا، ئاگردان و شوێنی تایبەتی دۆلفین هەبوو، بۆ سەرگەرمی منداڵەکانی. فیدڵ بەردەوام سەفەری بۆ ئەو دوورگەیە دەکرد و سەرقاڵی ئارەزووی سەرەکی خۆی، واتا راوەماسی بوو بە رمب (نێزە).

سانچێز لە کتێبەکەی خۆیدا دەنووسێت: (فیدڵ کاسترۆ بە هێماوە ئاماژەی بە بابەتێکی تایبەتی کردبوو، کە هەندێك کاتیش بە راشکاوی باسی کردبوو. ئەو بابەتە ئەوەبوو کە شۆڕش دەرفەتی گەشت و سەیران و کاتی بەتاڵی لێ زەوتکردووە و ئەو هیچ لەبارەی گەشت و سەیرانەوە نازانێت؛ تەنانەت لە چەمکی بۆرژوازی سەفەر و پشوو بێزاربوو. لە ساڵی 1977 تا 1994، من سەدان جار لەگەڵ فیدڵ چوومە بەهەشتە گچکەکەی ئەو و لە راوەماسی و بەزم و رەزمەکانی ژێرئاودا لەگەڵی بووم).

فیدڵ کاسترۆ لە ساڵی 2008 لە دەسەڵات دوورکەوتەوە و راوڵی برای لە جیاتی ئەو دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. فیدڵ هەموو هەوڵی خۆیدا تا خەڵکی کوبا هەست بە بوونی دوورگە تایبەتییەکەی ئەو نەکەن.

> دوور لە چاوی خەڵکی هەژاری کوبا، فیدڵ وەك پاشا دەژیا و دوورگەیەکی هەبوو بە ناوی (کایۆ پیدرا)، کە لەگەڵ هاوسەر و پێنج منداڵەکەیدا ژیانیان تێدا بەسەردەبرد.

## ئەو هیچی بە خەڵکەکەی نەگوت

سانچێز دەڵێت، فیدڵ تەنانەت راستییەکانی پەیوەند بە سامانەکەشی لە خەڵك دەشاردەوە. لە کتێبەکەی سانچێزدا هاتووە، دوای ئەوەی حکومەتی ئەمەریکا رەزامەندی لەسەر دوورخستنەوەی سەد هەزار کوبایی نیشاندا، ئەوە کاسترۆ بوو دیاری دەکرد چ کەسانێك لە ساڵی 1980 کوبا بەرەو فلۆریدا بەجێبهێڵن، بەڵام کاسترۆ لەجیاتی ئەوەی رێگەبدات خێزانەکان بچنە ئەمەریکا، زیندانیی و نەخۆشخانەکانی بەتاڵکرد و ئەوانی نارد بۆ ئەمەریکا؛ کارەساتێك کە بە دوورخستنەوەی دەریایی (ماریل) بە ناوبانگ بوو. سانچێز تەنانەت بانگەشە دەکات کە کاسترۆ بۆخۆی بەڵگەی ناردنی پیاوکوژان و دەستدرێژیکارانی بۆ ئەمەریکا نارد، بەڵام مافی ئازادیی نەیارانی شۆڕشەکەی زەوت دەکرد.

**سەرچاوە:**

http://fararu.com/fa/news/233113